# بایکۆت 13

خواستی ریفراندۆم بەرزبکەنەوە, هەڵبژاردن بایکۆت بکەن

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستي کرێکاریی عێراق دەری دەکات www.wpiraq.net 2005.01.28


## ناسك ئەحمەد لە وەڵام بە پرسیارێکی "ژیانەوە"دا

**ژیانەوە:** بونی یەك لیست بۆ پەرلەمانی کوردستان تاچەند لەخزمەتی ئایندەی سیاسی کوردستاندا دەبێت ئایا زیاتر بەودیوەدا ناشکێتەوە بۆ نەهێشتنی پەرۆشیی دەنگدان‌و دواتریش دروستبونی فجوە لەنێوان پەرلەمان‌و خەڵکدا؟

**ناسك ئەحمەد:** دابەزینی ئەحزابی سیاسی بەیەك لیست لە هەڵبژاردنێکی دیاریکراودا شتێکی تازە و غەریب نییەو ناتوانیٚ ئەمە بەتەنیا جێگای رەخنە بێت، زۆریك لە ئەحزابە سیاسیەکان بۆ راگرتنی توازنی هێزیان وبەپێی نزیکی بەرنامەیان, یان لەپێناو لاوازکردنی لایەکی تردا, وەك تاکتیکێك زۆر جار لە هەڵبژاردندا دەست ئەبەن بۆ ئەم سوننەتە، بەڵام ئەوەی کە ئەم تەحالوفە چەندە بە قازانجی خەڵك دەشکێتەوە، چەندە لە پێناو بەرگریکردن وبەهێزکردنی مافەکانی خەڵکەو خزمەت بە ئایندەی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە دەکات. ئەوە شتێکە بە بەرنامە و ئەهدافی ئەو ئەحزابانەوە بەندە نەك بە خودی دابەزینیان بە یەك لیستەوە، رەنگە ئەو دوو حیزبە یان ئەو چەند حیزبە لەسەر بەرنامە و ئەهدافێك رێك بکەون کە بە زەرەی خەڵك بگەرێتەوە. ئێمە هەموومان یەکێتی و پارتی ئەناسین و قانوون ودەسەڵاتی ئەوان زیاتر لە دەهەیەکە لەسەر ژیانی کۆمەڵگا تەجروبە دەکەین ، ئەوان لابردنی زوڵمی قەومی سەر خەڵکی کورستان لەبەرنامەیاندا نەبووە و نییە و پشتیان کردۆتە چەندین فرسەتی مێژوویی کە بۆ جیای کوردستان و لابردنی زوڵمی قەومی لەسەر ئەو خەڵکە هاتۆتە پێشەوە، ئەوان ئازادی ژنان و لاوانی خەڵکی کوردستان مەبەست و بەرنامەیان نییە و 15 ساڵی دەسەڵاتیان نموونەی سەرکوتی ژنان و لاوان بووە، بەرزکردنەوەی باڵای کۆشکەکانیان وکەڵەکەکردنی پارەی لۆککراوی بانکەکانیان مەبەستە نەك باشکردنی گوزەران و ئاستی ژیانی خەڵکی کوردستان، ئیسلامی سیاسی لە سایەی ئەواندا لانەی باش و بارودۆخی گوونجاو و ئیمکاناتی سەرسوورهێنەر بەدەستدەهێنێت بۆ گەشە و پەرەدان بە تیروریزمەکەی.

ئەوەندەی بە هەلومەرجێکیشەوە دەگەرێتەوە کە بۆ خەڵکی کوردستان لەم هەڵبژاردنانەدا بەدی دەکرێت، ئەم هەڵبژاردنە بە بیٚ ئەنجامدانی ریفراندۆمێك بۆ خەڵکی کوردستان کە تیایدا دەنگ بدەن بە چارەنووسی سیاسی خۆیان بە تەواوی لە زەرەری خەڵکی کوردستاندایە. ئیتر ئەوەی کە یەکیتی وپارتی یەك لیستیان هەبێت یان نا، چەند کورسیان ئەبێت لەو دەسەڵاتەدا چ پۆستێکیان پیٚ ئەدریٚ... هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆریٚ. چونکە ئەوان لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکدا ئەبن کە ئەوەی براندۆتەوە خەڵکی کوردستان بەشێکە لە عێراقیێکی عەرەبی و پلە دوون لە چاو باقی خەڵکی عیراقدا، هەروەها..... بۆ ل 2

## ئایا بێجگە لە دەنگدان رێگایەکی تر نییە؟؟

**محسن کریم**

یەکێتیو پارتیو پەراوێزەکانیان وا رادەگەیەنن کە تەنها یەك رێگا لەبەردەم خەڵکی کوردستاندایە بۆ ئەوەی چارەنوسی سیاسی مەزمون بێت، ئەویش بەشداری دەنگدانە! بەشێکی خەڵك فریوی ئەم پڕوپاگەندەیەیان خواردوە. لەناو ئەوانەدا کەم نین ئەو کەسانەی کە دەڵێن: ئێمە دەنگ بە یەکێتیو پارتی نادەین، بەڵام دەنگ بۆ کورد دەدەین! ئەگەر دەنگك نەدەین کورد زەرەر دەکات!

ئایا ئەم بەڵگەیە حەقیقەتە یان چەواشەکاری ئەم دوو حیزبەو وەهەمو چەواشەبوونی ئەو کەسانەشە بەم پڕوپاگەندەیە بڕوایان کردوە!؟

1. بەشداری دەنگدان لە هەڵبژاردنێکدا کە خۆی بە پیٚی هەموو پێوانەکانی هەڵبژاردن، گاڵتەجارییە، نەك تەنها رێگا نییە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا بۆ زامن کردنی چارەنوسی، بەڵکو پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستانە بۆ ناو چارەنوسێکی تاریكو رەشو زەوتکردنی هەموو ئیرادەیەکی سیاسییە لەو خەڵکە!

2. ئەنجامدانی " هەڵبژاردن" بە بیٚ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان لە پێشدا، بۆ ئەوەی خەڵك خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کەئایا دەچنەوە پاڵ دەوڵەتی عێراق یان جیادەبنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ پێك دەهێنن، زەوت کردنی ئەو مافە سەرەتاییو سیاسیو یاسایی یەی خەڵکی کوردستانە، واتە لەژێرنان‌و ئینکارکردنی مافی بەرپاکردنی ریفراندۆم.

3.ئایا بێجگە لە قبوڵکردنی ئەم بێمافی یەو ملدانەوە بە ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە عێراقەوە، ئەمجارەیان بە مۆری تەئیدی یەکێتیو پارتییەوە، رێگای تر نییە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا!؟ ئەمەیان ئیتر درۆ و ..... بۆ ل 2

### با زستانی بەفری کوردستان بکەینە بەهاری دیموکراسی!

(ئەمە ووتەی بەرهەم صالحە دوای ئەوەی کە بەفرێکی زۆر بەشێك لەجادەکانی کوردستانی گرتو دەزگاکانی ناچار کرد کە پاکی بکەنەوە.)

لەبەرئەوەی ئیتر نەوتو سووتەمەنی زۆرو زەبەندتان بۆ دابین ئەکەین هەروەك ساڵانی پێشوو کردوومانەو ئێستاش تەنها پێویستتان بە کارتێك هەیە بۆ وەرگرتنی بەنزین، لەبەرئەوەی لە زستاندا گەرمو گوڕ ڕاتان ئەگرین، بەهاری ئەمساڵتان هەمووی هەر خێرو خۆشی ئەبێت. بێجگە لە بۆن‌و بەرامەی گوڵو گوڵزار، ئەمە ئیتر لە بەهارەکانی تر ناچێت، دیموکراسی لەگەڵە، دیموکراسی، بەشەرت. ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتیتان وەبیر بێتەوە کە پیشمەرگە ئەچوون بە گژ سروشتو سەرماو سۆڵەدا. وەرن‌و بەشداری لەو ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەدا بکەن کە سەنگی کورد زیاد ئەکات،.. دەنگ بدەن، نەهێڵن نە سەرماو نە بەفرو نە لافاوو نە هیچ شتێك کارتان تیٚ بکات! ! ڕۆژێکەو ئەمڕۆ بتانبینم کە چۆن پەنجەمۆرەکانتان ئەکەن.

## موقاتەعەی خەلکی شەبەحی فەشەلە, نەك کارە تیرۆریستییەکان!

لەپەراویزی بانگەوازەکەی "بۆش"دا بۆ بەشداریکردنی خەلك لە"هەلبژاردن"دا!

**محمد غفور**

مەترسی بایکۆتکردنی "هەڵبژاردن" لەلایەن خەڵکی عێراقەوە زۆر جددییە. نەك لەگۆشەی ئامانجەکانی سێکوچکەی ئیسلامی بنلادنی وسوننی وپاشماوەکانی بەعسەوە! کە"هەڵبژاردن"یان کردۆتە بەهانەی کارە تیرۆریستییەکانیان وکوێرانە هەموو گۆشەیەکی ژیانی کۆمەڵگای عێراقیان کردۆتە نیشانە. بەڵکو لەگۆشەی ئایندەی کۆمەڵگاکەیان وبەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بایکۆتی دەکەن. چونکە بروایان بەوە هێناوە کەئەم سیناریۆیە ناتوانیٚ گۆرانێك پێکبێنێت بەقازانجی خەڵك. خەڵك دەزانن هەر ئەو هێزە سیاسیانەی کۆمەڵگایان بەم رۆژە گەیاندووە، لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکاوبەریتانیا، بێتوانایی خۆیان نیشانداوە لەسازدانەوەی حکومەت ودەسەڵاتی یاسا وگێرانەوەی ئاسایش، بۆیە پەنایان بۆ سازکردنی ئەم گاڵتەجارە بردووە. ئەو هێزانە هیچکامیان شەرعییەتیان نییە ونوێنەری خەڵکی عێراق نین. وکارنامەی زیاتر لە 13 ساڵیان لە ئابلۆقەی ئابوری و ناوچەکانی دژەفرین و بۆمبارانی زنجیرەیی و سەرئەنجامیش وەرێخستنی جەنگێکی دژی ئینسانی و کردنی عێراق بەمەیدان و ژینگەی تیرۆرو بە یەکدادانی تیروریستی و پشتوانی لە قەومەگەرایی و ئیسلامی سیاسی و تایفەچێتی لە عێراقدا دژایەتی ئەمانی بۆ خەلکی عیراق و دنیای متەمەدین بە ڕوشنترین شێوە نیشانداوە.

ئێستاش کەبۆش لەشەبەحی موقاتەعەکردنی هەڵبژاردندا فەشەلێکی دیکەی دەوڵەتەکەی وسیاسەتەکانی دەبینیٚ، بۆیە پەرەسەندنی کارەتیرۆریستیەکان ئەکاتەوە بەگژی خەڵکدا. ئەمەش لەکاتێکدایە کەقوتبی بەرامبەریش کوێرانە دەست لەهیچ شتێك ولەهیچ کوشتارێك ناپارێزن. خەڵك خۆیان نەدۆزیوەتەوە، نایانەویٚ بچنە ناو ئەم ئاگرەوە. بەشداری هەڵبژاردن بۆ خەڵك بەمانای چوونیانە بەپێی ..... بۆ ل 2

**سیناریۆی هەڵبژاردن ریسوابکە . مافتە . . ڕەوایە , ریفراندۆم داوابکە**

## گۆشەیەك لە چالاكیەكانی كۆمیتەی سوید لە پەیوەند بە سیناریۆی هەڵبژاردنەكانەوە

1–رۆژانی هەینی وە شەممە بۆماوەی 2–3 سەعات لەناوەندی ستۆكهۆلم(سرگلس تۆری) ئەندامان وە لایەنگرانی حیزب پكتیكیان دەست پیكرد كەتیایدا لافیتەكانی حیز بەشعاراتی نارەزایەتی بەهەلبژاردنەكە بە زمانی سویدی وە عەرەبی كە لە چواردەوری مەیدانەكەدا هەلواسرا، وە میزكتیب بە دانانی نشریەكانی ( شیوعیە العمالیە، فۆرۆرد، ئۆكتۆبەر وە بەیاننامەكان).رازینرایەوە،

2– لیپرسراوی كۆمیتەی سوید (جمال ئەیوب) چەند گفتوگۆیەكی لەگەل رادیۆ كوردیەكانی سویددا سەبارەت بە كەمپینی حزب ئەنجام دا. لەوانە (رادیۆی شەبەنگ، رادیۆی بانگەواز، رادیۆی زریبار لە ستۆكهۆلم وە رادیۆی هاوپشتی لە یۆتۆبۆری).

3– رۆژنامەی (ئەنترناسیۆنالن) كە رۆژنامەی مەركەزی سەندیكالیستەكانە لە سوید وە رۆژنامەی مەكەزی حیزبی كاری پاكستان چاوپیكەوتنیكی لەگەل نەبەز خالد سازدا لەپەیوەند بە هەلبژاردنەكان و هەلویستی حزب.

4–رۆژی 1/20 وەفدیكی حزب لە سوید بەنوینەرایەتی ( شەمال عەلی، ئەندامی مەكتەبی سیاسی، هەلالەرافع، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی وەنەبەز خالید كادری حیزب) لەگەل وەفدی كاروباری دەرەوەی حیزبی چەپ بە نوینەرایەتی ( هانس ئارڤیدسۆن) بۆ ماوەی سەعاتوو نیویك كۆبونەوە.

5–كۆمیتەی ستۆكهۆلم لە رۆژی شەممە ریكەوتی 1/22 سیمیناریكی بۆ شەمال علی و عبداللە محمود، لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەكانەوە سازدرا.

### پاشماوەی ئایا بێجگە لە دەنگدان رێگایەكی تر نییە؟!

چەواشەكاری ئەو حیزبانەیە، چونكە رێگای بەرپاكردنی ریفراندۆم هەم مافی یاسایی خەڵكەو هەم رێگاچارەیەكی عەمەلیەو هەم كاتو فرسەتی سیاسی بۆی گونجاوەو هەم خەڵكی كوردستانیش بە سەد زمانو بە شێوەی جۆراوجۆر داوای دەكەن. لە ریفراندۆمدا خەڵكی كوردستان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە كە ئایا كوردستان بەشێك بێت لەعێراق یان جیابێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ پێك بێت، ئەمەش وەڵامە بە چارەسەری كێشەی كورد. ئێستا ئایا بەشداری "هەڵبژاردن" لە قازانجی خەڵكی كوردستانە یان بەشداری نەكردنو داواكردنی ریفراندۆم بۆ دیاریكردنی پرسی سەربەخۆیی!؟

4.ئایا ئەم دەنگدانە بۆ كوردە و بۆ پارتیو یەكێتی نیە!؟ ئەمە خۆشخەیاڵیەكی تەواو ئاشكرایە بەداخەوە كەسانێك گیرۆدەی بوون، چونكە ئەو خەڵكە بە عەمەلی دەنگ بە لیستی پارتیو یەكێتی دەدەن، بەرپرسەكانو كاندیدەكانی ئەوان دەینێرنە ناو"پەرلەمان"و سەر كورسی دەسەڵات، خۆ خەڵكی كوردستان رێگای پێ نەدراوە نوێنەرانی خۆی دیاری بكات تا ئەوان بچنە ناو" پەرلەمان" یان چەند كورسیەكی دەسەڵات بكەوێتە دەستی نوێنەرانی خەڵكی كوردستان. پاشان ئایا خەڵكی كوردستان لە 13 ساڵی دەسەڵاتی یەكێتیو پارتیدا لە كوردستان،چ خێرێكیان لەوان دەست كەوتوە بێجگە لە شەڕو ماڵوێرانیو هەژاریو دەوڵەمەندبوونی بەرپرسەكانی ئەو حیزبانەو بێمافی زیاترو بێمەسكەنیو بێكاری زیاتری خەڵكو ...تاد.!؟

## كۆڕێك لە شاری كریستیانساندی نەرویج دەربارەی تەحریم كردنی هەڵبژاردن و بۆ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان

ئێوارەی ڕۆژی یەكشەممە بەرواری 2005/01/23 ڕێكخراوی نەرویج كۆڕێكی بۆ كامل احمد بەرپرسی كۆمیتەی نەرویجی حزب لە شاری كریستیانساند سازدا.

لەوكۆڕەدا تیشك خرایە سەر پڕۆسەی فریوكارانەی بەناو هەڵبژاردنەكانی عێراق و نەبوونی هیچ مەرجێكی هەڵبژاردنی ئاسایی تیایدا. هەروەها باس لەوە كرا كە ئەمە هەوڵێكی ئەمریكایە بۆ داسەپاندن و شەرعیەتدان بە حكومەتێكی شۆڤێنی ئیسلامی دەسكەلای خۆی لە ڕێگەی وەرگرتنی پەنجەمۆری خەڵكی عێراقەوە. وە باس لەوە كرا كە ئەم "هەلبژاردنە" ناتوانێت كۆتایی بە نەبوونی ئەمنیەت بێنێتو نان و ئازادی دابین بكات.

سەبارەت بە وەزعی كوردستانیش باس لەوە كرا كە هەر هەڵبژاردنێك پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕاپرسی بە خەڵكی كوردستان كە ئایا دەیانەوێت جیابنەوەو دەوڵەتێكی سەربەخۆ پێكبێنن یان دەیانەوێت لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە، بەتاڵە.

### پاشماوەی موقاتەعەی خەلكی شەبەحی فەشەلە

خۆیان بۆ ناو ئاگری ئەم شەرە. لەكاتێكدا دەوڵەتی ئەمریكا وسیاسەتەكانی لەعێراقدا تووشی شكست وناكامی جددی هاتوون، بانگەوازی خەڵكی عێراق دەكات تەحەددای تیرۆریستان بكەن بەبەشداریكردن لەهەڵبژاردندا. هەڵبژاردنێك كەدەسەڵاتی هەر ئەم هێزانە بەسەریانەوە شەرعییەت پێدەدات. خەڵك دوو ساڵە نوقمی كارەسات وتیرۆریزم وكوشتاری ئەم دوو جەمسەرە ئینسانكوژەن، بەچ ڕوویەكیەوە جۆرج بۆش بانگەوازی لەم جۆرە دەكات؟! بەڵام ئەوە بەڵگەیەكی باشە بۆ ڕای گشتی جیهان كەخەڵكی عێراق هیچ مەیلێكیان بۆ بەشداری لەم گاڵتەجارەدا نییە، بۆیە بۆش ناچاربووە تەشەبوسیان پێبكات. خەڵك بەموقاتەعەی ئەم گاڵتەجاریە، "نا"دەڵێ بەم دوو قوتبە تیرۆریستە. بەم كارەشیان هەنگاوێكی گەورە لەراستای پاككردنەوەی كۆمەڵگاكەیاندا بۆ پێشەوە هەڵدەگرن. وە هەر ئەمەش شەبەحی فەشەلێكی تری ئەمریكایە. نەك كارە تیرۆریستییەكان.

### پاشماوەی ناسك ئەحمەد لە وەڵام بە

خەڵكی ئەلكێنێت بە دەسەڵاتێكی قەومی و ئیسلامی و عەشیرەتیەوە كە خەڵكی عیراق بە پێی ناسنامەی قەومی و دینی و عەشیرەتی دابەش كردووەو و بەپێی ئەم بنەمایانە ماف بۆ دیاری كردوون، دەسەڵاتێك كە قانوونەكانی لەسەر شەریعەتی ئیسلامی دارێژراوە، ژنان تیایدا ستەملێكراون، منداڵان تیایدا خاوەنی ماف و شەخسیەت نین و وەك ئینسان مامەڵەیان لەگەڵدا ناكرێ، رەخنە گرتن لە ئیسلام و بیروباوەری دینیو ئازادی قەڵەم وبیركردنەوە و نووسین قەدەغەیە.....

## سیناریۆی هەڵبژاردن ریسواكە...مافتە، ڕەوایە ریفراندۆم داوا كە

### سیناریۆی هەڵبژاردن لە عیراقدا

*بۆ سازدانەوەی دەوڵەتێكی عروبی–ئیسلامی نۆكەری ئەمریكایە.

* پە نجە مۆر وەرگرتنی خەڵكی عیراق و كوردستانە بۆ بەدیلێكی كۆنە پەرستانەی ئەمریكا و هێزە قەومی و ئیسلامیەكان.

*بە زۆر لكاندنەوەی كوردستانە بە دەوڵەتێكی قەومی وعرووبیەوە.

*هەنگاوێكە بۆ دووبارە كردنەوەی تراجیدیاكانی 80 ساڵی ڕابردوو.

### بۆ ڕاگەیاندنی ناقانوونی بوونی ئەم هەڵبژاردنە

### دەنگ مەدە و

لە ئاكسیۆنەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق بەشداری بكە.

**بەریتانیا / لندن**

لندن: 1–27 سەعات 6.30 پاش نیوەرۆ كۆری مۆید احمد ئەندامی مەكتەبی سیاسی و ینار محمد سەرۆكی ریكخراوی ئازادی ژن لە *ULU -Malet Street*

**مانشستر:**

29 -1 12 تاكو 2 ی پاشنیوەرۆ لە *Sheridan Suite, 371 Oldham Road,*

1–30 سەعات 10 لە بەرامبەر صندوقی هەڵبژاردن لە ویمبلی.

**سوید / ستوكهۆلم**

1–28 سەعات 8ی سەرلەبەیانی، 30– 1 سەعات 11.30 لە بەرامبەر صندوقی هەڵبژاردن لە شارهولن

**سویسرا / بیرن**

خۆپیشاندان 1-29 سەعات 2ی پاش نیوەرۆ، لە هیلفاتیا پلاتسەوە بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریكا

**أستراليا/ سدنی**

1–28 سەعات 8ی سەرلەبەیانی و 1–30 سەعات 10 لەبەرامبەر صندوقی هەڵبژاردن لە فیرفییلد.

**ئەلمانیا/ كولن**

1–29 سەعات 9 تاكو 15 لە بەرامبەر صندوقی هەڵبژاردن لە ئۆسندۆرف.

**حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق**

www.wpiraq.net


## بایكۆت

بلاوكراوەیەكی رۆژانەیە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەكانی عێراق و كوردستانەوە دەری دەكات

سەرنوسەر: عبدوللا محمود
Nauzad_mahmud@yahoo.com

دەستەی هونەری:

ئارام عەلی، عومەر ئەحمەد


## هەڵبژاردن پیلانێكە كە لە دژی ئازادی و ئایندەی جەماوەر چنراوە